ڕۆناڵدۆ: دەبێت تۆپی ئاڵتونی بدرێتە مێسی

ڕۆناڵدۆ نازاریۆ، ئەستێرەی پێشووی یانەی ڕیال مەدرید و بەرشەلۆنە، پێی وایە تۆپی ئاڵتوونی ئەم ساڵ بێگومان پێویستە بدرێتە لیۆنێل مێسی بەهۆی ئاست بەرزی یاریزانەکە لە مۆندیال.

ڕۆناڵدۆی بەڕازیلی کە پێشتر درەسی هەردوو یانەی بەرشەلۆنە و ڕیاڵ مەدریدی لەبەردا بووە و ڕکا بەری سەرەکی ئەرجەنتین و مێسی بوو لە هەڵبژاردەی بەڕازیل، پێی وایە ئەم خەڵاتە دەبێت بدرێتە ئەستێرە ئەرجەنتینییەکە.

رۆناڵدۆی دیاردە وتی : ئەو کارەی مێسی لە مۆندیال کردی نا ئاسای بوو، هەردوو ئەفسانە پێلێ و مارادۆنای بیرخستمەوە .

ئەستێرە ئەرجەنتینییەکە لە لیستی کۆتایی ئەم خەڵاتەدایە و لەگەڵ ئێرلینگ هالاند و کیلیان مباپێ لەنێو سێ پاڵێوراوی سەرەکیدایە. هاوکات هەریەکێک لەو دوو یاریزانە کۆمەڵێک دەسکەوتیان هەیە بۆ ئەوەی پێیان وا بێت دەبێت ئەو خەڵاتیان پێ بدرێت.